ڕێگای کوردستان

دووشەممە 4ی حوزەیران (یۆنیۆ) ی 2001 ژمارە (456) ساڵی (57)

لۆژیکی قسەکردن
لە رەخنەی ماناکانەوە بۆ ماناکانی رەخنە

عەلی کوردستانی

من لەم بابەتەدا بە شێوەیەکی تیۆری و ئەکادیمی قسە لەسەر لۆژیك و رەخنە و رەخنەگر ناکەم بەڵکو بە شێوەیەکی مەیدانی لەسەر گرفتی قسەکردن و خوێندنەوەی رەخنە دەدوێم لە واقیعی کوردیدا، لە راستیدا گرفتی سەرەکی کوردی تەنها لە چۆنیەتی قسەکردن و رەخنەگرتندا نییە بەڵکو گرفتی سەرەکی ئێمە لە چۆنیەتی دیالۆژو مامەڵە کردنمانە لەگەڵ رەخنە و دەنگە رەخنەییەکاندا. من پێم وایە کە ئەوە بۆتە هۆی مەرگی کەلتووری رەخنە لە دنیای ئێمەدا بە مانایەکی تر ئەم گرفتە راڤە بکەین ئێمە زۆر نەخوێندەوارین بە ئەلف و بێی رەخنە و چۆنیەتی مامەڵە کردنمان لەگەڵ هەموو ئەو گوتارە رەخنەییانەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ئەمڕۆی واقیعی کوردیدا هەڵگری دید و پرۆژەیەکی رەخنەیین بەرامبەر دونیای کوردی، لەبەر ئەوە پەراوێز کەوتنی دەنگە رەخنەییەکان لە دنیای ئێمەدا لەوەدا بەرجەستە نابێت کە زۆرێك لە نوخبەکانی کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژیانە و پراگماتیانە مامەڵە دەکەن نا بەڵکو مەرجەعی سەرەکی لە پەراوێز کەوتنی کەلتووری رەخنە لە بوونی هەژاریەکی ترسناك و نەخوێندەواریەکی تاریکە بە ماناکانی رەخنە، ئەوانەشی کە زۆر بەشێوەیەکی حەماسیانە و وەسفیانە مامەڵە لەگەڵ رەخنە و رەخنەگر دەکەن هەر بۆ ناهۆشیاریبیان بە رۆحی رەخنە و وەزیفەکانی رەخنەگر دەگەڕێتەوە، چونکە هیچ کات رەخنە ترسناك نییە بۆ سەر مافی هیچ یەکێك لەو نوخبە و گرووپانەی کە تا رادەیەك هەڵگری رۆحێکی نەرجسی و بەرژەوەندی تایبەتن بەڵکو ئەو دیدە زۆر تاریك و ترسناکە کە رەخنە و دەنگە رەخنەییەکان وەکو دژو نامۆ و ترسناك وێنا دەکات، لەحەقیقەتدا ئێمە هەر ناهۆشیار نین، بە تیۆرە رەخنەیی و فەلسەفەی لۆژیکی قسەکردن و دیالۆژ لە ئاستێکی مەعریفی وردو قووڵدا بەڵکو ناهۆشیاریشین بە ئەلف و بێی رەخنە لە مەجالی گشتی و تایبەتی ژیانماندا، ئیدی ئەمە هەر لە سیاسەتی کوردییەوە تا دەگاتە سەر رۆشنبیری کوردی تەنانەت مرۆڤێکی سادەی ناو بازارو شوێنە گشتییەکان بە هەمان لۆژیك دەدوێن و رەخنە دەخوێننەوە، بێگومان من لێرەدا واقیعی کوردی بە شێوەیەکی گشتی دەخوێنمەوە چونکە بە شێوەیەکی تایبەت ئەگەر بدوێین لەسەر ئەم گرفتە لای نوخبەیەکی کۆمەڵگا دەتوانم بڵێم بوونی نییە و کۆمەڵێك دەنگی جددین بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە ئەم دەنگانە تا هەنووکە نەبوونەتە بەشدارێکی کاریگەر لە بەرهەمهێنانی هۆشیاری و کەلتووری رەخنەیی لەناو گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردیدا، لە دنیای ئێمەدا زۆرن ئەو دەنگە نەخوێندەوارانەی کە لێمان بوونە واعیزو ئامۆژگاریمان دەکەن و دەقریشکێنن کە رەخنەگرتن بۆ بونیادنان بێت نەك بۆ تێکشکاندن ئەم دیدە تا رادەیەکی زۆر کۆمیدی و لە هەمان کاتدا تراژیدیشە، چونکە چۆن بەبێ شیتاڵگەری مانای دیار مانای نادیار بەرهەم دێنین کە ئەم پرۆسەیە جولیا کریستیڤا بە بەرهەمهێنانی مانای روخێنەر ناوی لێدەنێت، ئەوەی داوامان لێدەکات کە با رەخنەکانمان بونیادنەر بن نەك رووخێنەر خۆی لە خۆیدا ئەمە بانگەشەمان دەکات بۆ ئەوەی وەسفێکی دەروێشانە بکەین، چونکە هەرگیز بەبێ شیتاڵگەری ئامادە هەرگیز نائامادە لە دایك نابێت، ئەم دیدە ئەوەندە ئیفلیجە کە توانای جیاکردنەوەی وەسف و رەخنەی نییە، هەر بۆیە لە واقیعی ئێمەدا لە روانگەی ئەم جۆرە دیدەوە خەڵکانی وەسفکەر بە نیشتمان پەروەرو بونیادنەر وێنا دەکرێن و خەڵکانی رەخنەگریش بە دژە کوردو رووخێنەر وێنا دەکەن. بێگومان ئەم لۆژیکە بەرهەمی ئەو لۆژیکە وەسفییەیە کە کورد بەردەوام هەر لە رابوردووەوە تا ئێستا مامەڵەی پێ لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خۆیدا کردووە، بە بڕوای من سەرەتای بەرهەمهێنانی فەزایەکی کراوە بۆ خولقاندنی نەوەیەکی خوێندەوارو کۆمەڵگایەکی هۆشیار بە شیتاڵگەری لۆژیکی وەسف و بەرهەمهێنانی لۆژیکی رەخنە دێتە بوون، چونکە هەموو ئەو پرۆژە و گوتارە رەخنەییانەی لە واقیعی کوردیدا پێشنیار دەکرێن بەبێ بوونی فەزاو کەلتوورێکی کراوە کە توانای خوێندنەوە و قبووڵ کردنی رەخنەی هەبێت هەرگیز ناتوانن خەونی گۆڕان و رێنیسانسی کوردی بهێننە دی و ناشبنە ژێرخانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و نەوەیەکی خوێندەوار کە نەك هەر توانای خوێندنەوەی دونیای کوردی بێت بەڵکو توانای مامەڵە و پەیوەندی کردنی لەگەڵ چەندان کەلتووری جیاجیادا هەبێت. بێگومان مەرجەعی سەرەکی مەرگی رەخنە و قبووڵ نەکردنی پرۆژەی رەخنەیی لەلایەن نوخبە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردییەوە پەیوەستە بە هەژارییەکی زۆر بە مەعریفەی رەخنەیی و ماناکانی کەلتووری رەخنە کە ئەمە وایکردووە بەردەوام مرۆڤی کورد زۆر سایکۆلۆژیانە مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە رەخنەیەکدا بکات بە جۆرێك کە ئەم بە هەموو رەخنەیەك سایکۆلۆژیەتی بریندار دەکات و بەرەو حەماسەتێکی شەرانگێزانە ئاراستەی دەکات ئەمە بەڵگەی زاڵبوونی سایکۆلۆژییەتی کوردییە بەسەر لۆگۆسی کوردیدا من لێرەدا مەودای راڤە کردنی ئەو هەڵ و مەرجە دژوارو ناسروشتییەم نییە کە وایکردووە بەردەوام سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد سائید بێت بەسەر هەموو جۆرە خوێندنەوەو مامەڵە کردنێ لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خۆیدا، پێم وایە هەر ئەمەشە وایکردووە لەگەل زۆر بوونی دیالۆژی نێوان (کوردی کوردی) هیچ جۆرە پرۆژەیەکی کوردی جیددی لێ بەرهەم نەیەت چونکە ئێمە لە کاتی گفتوگۆ کردنمان لەگەڵ یەکتردا هەر جۆرە رەخنەیەك کە ئاڕاستەی یەکدی بکەین راستەوخۆ یەکتری بە تێکدەرو دژە نەتەوە وێنا دەکەین ئەمە هەر گرفتی سیاسەت و حزبی کوردی نییە بەڵکو ئەوە گرفتی شەڕو گفتوگۆی نێوان دوو مرۆڤی سادەی سەر جادەو شەقامەکانیشە، کەواتە گرفتەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە بەردەوام سایکۆلۆژیەتمان تەداخولی هەموو رەهەندێکی ژیانمان دەکات و رۆڵێکی زۆر ترسناك و تاریکیشی بینیوە، ئیدی هەر ئەمەشە وایکردووە جۆرە عەقڵیەتێکی وەسفکەرانەمان بۆ دروست ببێت چونکە ئێمە بەردەوام بە وەسف سایکۆلۆژیەتمان ئارام و شاد دەبێت ئیدی بۆیە هەموو جۆرە هەوڵێکی رەخنەیی و قسەکردن لە خاڵە تاریك و لاواز و کەم و کورتییەکانی هەر نوخبە و پرۆژەیەکی کوردی زۆر قورس و نامۆ دەبێت.

لە واقیعی ئێمەدا دەشێت دەربڕینی هەر رەخنە و قسەیەکی جیددی لەسەر بابەتێکی وروژێنەر ئاسایی بێت، بەڵام قبووڵ کردنی لەلایەن ئەو کەس و گرووپ و شوێنگەیەی کە رەخنەی ئاراستە کراوە هیچ سانایییەکی تێدا نییە. بەڵکو دەشێت زۆر بە توندی سانسۆریش بکرێت. بە بڕوای من ئەوەی پێی وایە ئازادی رەخنە تەنها لە دەربڕیندایە زۆر هەڵەیە بەڵکو لەوەشدایە ئایا تا چەندێك تۆ ناوەندێکی ئازادت هەیە بۆ وەرگرتن و قبووڵ کردنی ئەو رەخنەیە، مەرجیش نییە لە ئەمڕۆدا سانسۆر لەسەر رۆشنبیری رەخنەگرو دەنگە رەخنەییەکان لە توندو تیژی جەستەیی و راستەوخۆ دابێت. نەخێر بەڵکو لە ئەمڕۆدا چەندان سانسۆری جۆراوجۆر هەن کە مەرج نییە دەسەڵاتی سیاسی ئەنجامیان بدات بەڵکو ئێمە چەندان سانسۆری کۆمەڵایەتی و کەلتوورمان هەیە کە رووبەری ئازادی رەخنەی بچووك کردۆتەوە، هەروەها راگەیاندن لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر جار رۆڵی دیکتاتۆرێکی مۆدێرن دەبینێت لە وێنا کردنی هەڵەکان بەحەقیقەت و تاریکییەکان بە رۆشنگەر کە ئەمە وا دەکات هەڵدانەوەی مەلەفی هەڵە و کەم و کورتییەکانی هەر دەسەڵات و گرووپێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نەتوانێت وەکو خۆی بۆ کۆمەڵگایان راڤە بکات. بە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ راگەیاندن تەواو دەسەڵاتێکی رۆحی بەسەر ئاراستەکردنی خودی کۆمەڵگاوە هەیە، لێرەوە نامەوێت زۆر لە بابەتەکە لابدەم هەر بۆیە پوختەی ئەم نووسینە راڤە دەکەم گرفتی سەرەکی ئێمە لە چییەتی وتن و رەخنەدا نییە بە تەنها بەڵکو، زیاتر لە چۆنیەتی ئاخاوتن و رەخنەگرتن دایە، بۆ ئەمە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنەکەی ئەرستۆ (ئەرستۆ لە خستنە رووی تیۆری ئاڵوگۆری خۆیدا، جیاوازی دەکات لە نێوان، ئاخاوتنی (دەستکرد) و ئاخاوتنی (سروشتی). لە یەکەمیاندا ئاخاوتنەکە ناتوانێت هیچ سەلماندێکی باوەڕ پێکراو بخاتە روو، بەڵام لە جۆری دووەمدا ئاخاوتنەکە توانای هەیە هێما بکات بۆ ئەوساتە وەختانەی لە کاتێکی دیاریکراودا بسەلمێنرێن - نووسین و بەرپرسیاری، رێبوار سیوەیلی لاپەڕە 10)، لێرەوە بەپێی ئەم تیۆری ئەرستۆ مرۆڤی کورد زیاتر بە ئاخاوتنی دەستکرد دیالۆژ دەکات نەك سروشتی هەر بۆیە بەردەوام لە دیالۆژی کوردیدا مانا دەکوژرێت وەك لەوەی بەرهەم بهێنرێت. رۆشنبیرێکی وەکو رێبین هەردی کە دەڵێ: هۆی ململانێ و جەنگی نێوان هێزە کوردییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قسە لەسەر یەکتری ناکەن من کۆکم لەگەڵ قسەکەی رێبیندا بەڵام گرفتی سەرەکی ئێمە هەر لەوەدانییە! کەچی لەسەر یەکتری بڵێین یان نا بەڵکو زیاتر لەوەدایە کە چۆن ئەو چییەتی قسەیە لەگەڵ یەکتریدا بکەینە مەرجەعێك بۆ بەرهەمهێنانی ماناو دروستکردنی دیالۆژێکی سروشتی لەگەڵ یەکدیدا.

سەرنجێکی بچووك:

من لەم بابەتەدا چەمکی شیتاڵگەری لە بەرامبەر (التفکیکیە)ی عەرەبی داناوە کە من ئەم چەمکەم (شیتاڵگەری) لە بەڕێز /شاهۆ سەعید/ خواستووە.

شازدە گرێی سیاسەت!

عەبدوڵڵا خالید

گرێی یەکەم

هەموو خەڵکی کوردستان خۆیان فێری سیاسەت کردو، تێکەڵ بە سیاسەت بوون بۆ ئەوەی داکۆکی لە خۆیان بکەن و بەرەنگاری سیاسەتەکانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس ببنەوە. حزبەکانی کوردستان قوتابخانە و مامۆستایەکی لێهاتوو بوون بۆ بە سیاسی کردنی خەڵك و کۆمەڵگای کوردستان. تا هاوکێشەکە لەو ئاستەدا بوو، سیاسەت پرۆسەیەکی پیرۆز بوو خەڵك مومارەسەی دەکرد بۆ رزگاریی و ئازادیی. ئەو کات بانگەشەی حزبەکان بۆ بە سیاسی کردنی خەڵك لە خانەی پیرۆزیی و، لە خانەی بانگەشەی ئازادیی مرۆڤ بوو، رێگە گرتنی دەسەڵاتدارانی بەعس لە بە سیاسی بوونی خەڵك لە ترسی لەناوچوونی خۆی و، لە خانەی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆریەتدا بوو.

رزگاری کردنی بەشێکی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە چنگ بەعسییەکان و، ئەو ئاڵوگۆڕەی کە بەسەر تێڕوانینی هەندێك لە حزبەکان هات بۆ بەعس بە دوای خۆیدا چەند دیاردەیەکی هێنا:

1.حزبەکان بە گشتی و حزبە گەورەکان (ئەوانەی ژمارەی ئەندامیان زیاترە) کار بۆ دوور خستنەوەی خەڵك دەکەن لە سیاسەت.

2.حزبەکان لە بری سیاسەت حزبایەتی تەسك دەکەن و، هەموو ئامرازێك لەم پێناوەدا بەکار دەهێنن.

واتە ئەو خەڵکەی کە ئینتیمای حزبی کرد بۆ سیاسەت ئێستا پاشەکشە دەکات، ئەمەش لەبەر:

1.ئەو دژ بە دوژمنی گەل ئینتیمای کرد بۆ حزب، کەچی ئێستا مومارەسەی شتی دیکەی پێدەکرێت!

2.کاتێك کە ئینتیمای کرد، (حزب) قوتابخانە و مامۆستایەکی سیاسی بوو، بە پێچەوانەی ئێستاوە کە قوتابخانەیەکی زۆر بچووکی کۆمەڵگایە و کەسی حزبی دوورە پەرێزو گۆشەگیری کۆمەڵگا دەکات.

دەشتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین ئەمڕۆ کەسی حزبی لە کوردستان نازانێت بۆچی حزبییە و، تەنها بۆ ئەوە ئینتیمای کردووە کە وەڵامی بابەتەکانی رۆژ بداتەوە (ئەگەر ئەوەشی لە توانادا بێت) یاخود هەندێکی ئینتیمای بۆ دروستکراوە، کە ئەمەیان بێ وێنەیە لە مێژووی سیاسەتی کوردستانیدا! سیاسەتی حزبەکانیش شەپۆلی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی دەیهێنێت و دەیبات و هەر جارێك دەیدات بە دیوارێکدا. ئەو فشارانەی کە لە دەرەوە دەخرێنە سەر حزبی کوردی وایکردووە حزب لە ناوەوە بیخاتەوە سەر تاکی کوردی و، بۆتە ئەو پیاوەی کە لە دەرەوە دەچەوسێتەوە لە ماڵەکەی خۆیدا ژنەکەی دەچەوسێنێتەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کەسی حزبی و خودی حزبەکانی کوردستان ستراتیژیی سیاسیان لە دەست داوە.

نەوە گوێ لە خەڵك یان باپیر بگرێت

ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵی / سوید

گەڕان بەدوای راستی رووداوەکان لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێ و بەربەستی هەمەشێوەی بێتە پێش و مرۆڤ تووشی سەرئێشە و دڵەڕاوکێ بکات، بەڵام کاتێ مرۆڤ لەناو ماڵی خۆیدا مێژوویەکی نەنووسراوی هەبێ و لە پەنجەرەکانی ئەو مێژووە بۆ راستییەکان بگەڕێت، تا رادەیەك کارەکەی ئاسانتر دەبێت.

مێژوو تایبەت بە نەتەوەیەك، چینێك، بنەماڵەیەك نییە، مێژوو گشتییە و کەلتوورێکی جیهانە، دەتواندرێت هەموو تاکەکانی جیهان سوودی لێ وەربگرن و ببێتە ئەزموونێك بۆیان کە کارە خراپ و باشەکانی پێ لە یەکتر جیا بکەنەوە.

لە دێرزەمانەوە، بۆ گەڕان بەدوای مێژوو دەبوایە ئەفسانە و شانامە و لاپەڕەی کتێبە پیرۆزەکان بەسەر بکەنەوە، بەڵام ئێستا لە سەردەمی جیهانگیریدا، مێژوو لە رێگای "ئینتەرنێت و ساتەلایت" سەر بە زۆربەی هەرە زۆری ماڵەکاندا دەکات و باسی رووداوە بچووك و مەزنەکانی خۆیان بۆ دەکات.

ئەگەر ئێمەی کورد بەدوای رووداوە جەرگ بڕەکانی مێژووی تۆمارکراوماندا بچینەوە ئەوە هەمیشە رووبەڕووی ئەو مێژووە نووسراوەی بە پێنووسی بێگانەدا دەبینەوە و بە دەگمەن سەرچاوە هەرە ئەساسەکانی ئەو مێژووە، نووسەرەکانی کوردن، لە پێناسە کردنێکی دوورو درێژدا بەناو ئەو مێژووەدا، دووبەرەکی نێوان میرەکان و بنەماڵەکانی کوردستان، تا رادەیەك ئەوەمان بۆ دەست نیشان دەکەن، کە ئارەزووی دەسەڵات هۆیەکی سەرەکی نەبوونمانە بە "هیچ". ئەوەش ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات کە باپیرانمان تەنیا مێژووی دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆیان لە لا گرنگ بووە، بێ ئەوەی بیر لە ئایندەی دەوروبەر بکەنەوە "ئەگەر بە دەگمەنیش تاکی کورد هەڵکەوتبێ ئەوە زۆر زوو هەوڵی دوورە پەرێز کردنیان بۆ داوە و خەڵکیان لێ هانداوە" دروشمی سەرەکیان هەموو شتێك لە پێناو بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆیان بووە. پێیان وابووە ئەگەر خۆیان ئەم کارە ئەنجام نەدەن، ئەوە کەسی تر ناتوانێ، ئۆباڵی شکستییەکانیشیان هەمیشە خستۆتە سەرشانی بەرامبەرەکەیان و ناکاملی گەل بە گشتی. بە دەگمەنیش هەبووە بیر لە هەڵەکانی خۆی بکاتەوە، بە شێوەیەکی زانستی لێکیان بداتەوە.

ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کەسانی وا هەن ئەیانەوێ ئەو مێژووە (ناواقیعییە) بکەنە راستی و ئایندەمانی پێ برازێننەوە.

بەڵام بۆ گۆش کردنی نەوەکان، ئەوەندە بەس نییە، باس لە واقیعی راستی مێژوو بکەین و چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە، نەوەی ئایندە راستییەکان دەدۆزێتەوە و ژێردێری ئەو مێژووە کەمەش کە نووسراوەتەوە دەخوێننەوە. ئەگەر ئەمڕۆش ئەو بوارە لە ئارادا نەبێ یان کەس گوێ لە راستییەکان نەگرێ، ئەو بەیانی ئەستێرەکان دەگەشێنەوە.. کەلتووری مێژووی جیهانیش ئەوەمان پیشان دەدات، کە ئێمە تەنیا نین لەناو ئەو مێژووە "تەم و مژاوی"یەدا دەژین، تەنیاش نین کە راستییەکانمان لێ ون کرابێ، بەڵکو نەتەوەکانی تریش لە دەستی ئازاری مێژوودا دەناڵێنن و کاریگەری زۆریشی لەسەر سایکۆلۆژیەتی کەسایەتی و پەیداکردنی ناسنامەدا داناوە.. بۆ نموونە مێژووی رەشی هەنگاریا کە بە پێنووسی "ستالینیەکان" نووسراوەتەوە، ئەلقەیەکە لە بازنەی ئازاری مێژوو.. بەڵام جیاوازییەك کە هەنگاریەکان لەگەڵ ئێمەدا هەیانە ئەوەیە، کە نەوەکانیان ئامادەن لەماڵی خۆیانەوە سەرەداوەکانی مێژوو پەیدا بکەن و راستییەکان بدۆزنەوە، "نەوەی" "ئەندریاس هیگیدوس" (Andres Hegedus) لە ئاوارەیی دا لە ناخەوە هەست بەو ئازارە دەکات، کە باسی "باپیری" بۆ دەگێڕنەوە کە ژیانی سیاسی باپیری بەشێکە لە ئەلقەی مێژووی بنەماڵە و نەتەوەکەی، بەڵام مێژووی رەشی سیاسی باپیری بۆتە "تەوقێکی" ئازاردەر لە گەردەنی، بۆیە کاتێ گەورە بوو، بێ ترس و دوو دڵی بڕیاری گەڕان بەدوای راستییەکاندا دەدات.. گەورەترین گرفتیشی ئەوە بوو ئایا لە ماڵەوە دەست پێ بکات یان گوێ بۆ ئازارەکانی خەڵکی هەنگاریا هەڵبخا؟ بەڵام هەر زوو گەیشتە ئەو "قەناعەتە" کە گوێ لە مۆسیقای ئازارەکانی تیرۆرو تۆقاندن بگرێ و واز لەو مێژووە بێنێ، کە رۆژانە لەسەر مێزێك پێکەوە نان دەخۆن. چونکە ئەو باشی دەزانی پرسیارەکان لە ماڵەوە نیین، بەڵام وەڵامی زۆربەی پرسیارەکان لەسەر خاوەن ماڵی خۆیەتی..

ئەندریاس ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی هەنگاریا بووە و لە سەردەمی "نازییەت" لە پێناو ئازادی و نان و خەبات لە زیندان توند کراوە.. دوای ئازادبوونیشی وەك خۆی وتەنی بەخت لای بووە و شۆڕشی سوور بە دەسەڵاتی گەیاندووە و یان راستتر بڵێین ستالین دەسەڵاتی پێ بەخشیووە. لە ساڵی 1950 دا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دوای دوو ساڵ لە تەمەنی 33 ساڵیدا بووە بە سەرۆك وەزیران و ئەو دەزگایەی کە خۆیی "زەندەقی" لێ چوو بوو، واتا دەزگای ئەمنی هەنگاریا (A V O) بۆتە ئامرازێکی بەهێز بۆ راگرتنی دەسەڵاتی خۆی.

هەرچەندە ئەندریاس ئەو دەزگایە بە دەزگایەکی سوپایی دەزانێ و پێی وابووە، کە دەسەڵاتی بەسەر ئەویشدا هەیە، دەتوانێ بە خاوەن دەسەڵاتی بهێڵێتەوە دەتوانێ لێشی بسێنێتەوە. نەوەکەی مێژووی باپیری خۆی زۆر بە سەیری دەبینێ و پێی دەڵێ باپیرە ئەو پایە هەر دەسەڵاتی بە تۆ نەبەخشیووە بە لکو لە هیچەوە بووی بە خاوەن قەسرو گۆمی مەلەوانی و کچی جوان. دابڕای لە هاورێیە رەش و رووتەکانی خۆت، بەڵام باپیری تەنیا سەری بۆ دەلەقێنێ چونکە لەو باوەڕەدا نییە نەوەکەی مێژووی باپیری بۆ جیهان باس بکات. نەوەکەی کە ئەویش لە ترسی دەسەڵات ئاوارە بووە و لە ئوستورالیادا دەژی. هەڵدەستێ چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانەدا دەکات کە لە ترسی کۆمۆنیستەکان وڵاتیان جێ هێشتووە و لە ئاوارەیی دەژین و کاتی خۆی لە زیندانەکان ئازاریان چەشتووە و هاوڕێکانیان بە راپۆرت لێ دان کوژراون.. دوای کۆکردنەوەی مەتریالێکی زۆر، نەوەکە بەرۆکی باپیری دەگرێت و وەڵامی ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەی لێ دەوێت، لەسەرەتادا دەڵێت: باپیرم پەکی کەوتووە و پێویستە لە ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بژی، بەڵام خەڵك ئازار دراوە، ئەبێ ئازارەکان بە ئازار وەڵام بدرێنەوە. هەرچەندە باپیرەی ئەندریاس چاوەڕوانی ئەوەی لە نەوەکەی نەدەکرد کە باسی دیالۆگی مێژووی لەگەڵ بکات، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد چیرۆکە ئەفسانەییەکانی هەنگاریای داوا لێبکات بۆی بگێڕێتەوە بەڵام بە ناچاری گوێ لە نەوەکەی دەگرێ و بە پشت چەماوەیی وەڵامی مێژووە تاڵەکە دەداتەوە، لە باپیرەی دەپرسێ ئایا راستە تۆ سوپای سۆڤیەتت داوا کردووە بۆ تێکشکاندنی راپەڕینی گەلی هەنگاریا لە ساڵی 1954دا، لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ، بەڵام بۆ ئەوە بانگهێشتم کردووە، کە ئاژاوە دروست نەبێ و خەڵك لە برسان نەمرێ و ئازادی بوونی هەبێ، بەڵام نەوەکەی نەترسانە پێی دەڵێت: "دیارە لە لای تۆ ئەخلاق بەهای کەمتر بۆتەوە لە نان و خیانەت مانایەکی نەبووە". باپیرە بێ دەنگ دەبێ و دوای رامانێکی زۆر دەڵێ کوڕم "سەختە مرۆڤ راستی ببینێ لە مێژوودا، تۆ هێشتا نەفامی" چەمکی نەفامی زیاتر ئازاری نەوەکەی دەدات بەتایبەتی کاتێ یەکێك لە سیاسەت مەدارەکانی هەنگاریا پێی دەڵێ:" تۆ نەوەی ئەو کەسەی کە خوێنی لە دەستەکان دەتکێ ".

باپیرەی خیانەتی نەتەوەیی کردووە، کە سوپای رووسیای هێناوە، بۆیە ئەندامەکانی (حزبی شیوعی هەنگاریش) کە ئەندریاس سەرۆکیانە، رازی نابن لە دوای دامرکاندنەوەی ئەو راپەڕینە، هەر سەرۆکی وەزیرانیان بێ و حزبی شیوعی بە هاوکاری سۆڤیەت سەرۆك وەزیرێکی نوێ دادەنێن نەوەکە دەڵێ باپیرە تۆ بە خیانەت هەر دەسەڵاتت لە دەست نەدا، بەڵکو ئەو خیانەتە پەڵەیەکە بە نێوچاوانی منیشەوەیە.. لە دوای رووخانی کۆمۆنیست، ئەندریاس ویستی لە بەرەیەکی بەرهەڵستکاردا دژی کۆمۆنیست خەبات بکات، بەڵام کێ گوێ لەو تێکۆشەرە دەگرێ کە شەقامەکانی پایتەختی هەنگاریا تا ئێستاش شوێنی گوللەی تۆپی دەبابەکانی سۆڤیەتی پێوەیە!

کاتێکیش وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە تا ئەو کاتە بەبێ وەڵام مابوونەوە بۆ خەڵکە ئازار دراوەکەی دەبردەوە، ئەوان سەرسام دەبوون، ئەو پرسیارەیان لەخۆ دەکرد، ئایا بۆ ئەبێ کوڕێك راستییەکانی باپیری ئاشکرا بکات؟؟ ئەکەوتنە گومانەوە، ئایا ئەبێ راست بێ ئەوە نەوەی ئەو پیاوە خوێنرێژە بێ ئایا ئەوە تەنیا بۆ ئەوە نییە زیاتر مێژووەکە بشێوێنێ و راستییەکان بشارێتەوە؟ بەڵام کاتێ لەماس میدیا و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی جیهاندا دیکۆمێنتەکەیان بینی. ئەو راستییەیان بۆ بەدیار کەوت، کە مرۆڤی خاوەن ئەخلاقی وەهاش هەن، کە مێژووی راستی جیهانیان لە لا گرنگترە، لەوەی کارێکی دزێوی بنەماڵەکەیان ئاشکرا بکەن و نەوەکە دەڵێت ئەبێ مرۆڤایەتی لە سەرووی هەموو شتێك بێ..

پرسیارە مەزنەکەی ئێمەی کوردیش لە دوای ئەو دیکۆمێنتە دەست پێ دەکات.. ئایا ئێوەش پێگەیشتووین راستییەکان بدرکێنین. پەڵەی هەڵە و سیاسەتە نادروستەکانی باپیرانمان ئاشکرا بکەین و کەسایەتیەکی بەهێز بۆ نەوەی ئایندە دروست بکەین. ئەو قەڵەمە لەرزۆکانەی کە بۆ دەسەڵاتە نارەواکان و لە پێناو ئەو جۆرە دەسەڵاتانە دەنووسن، بخرێنە ژێر پرسیارەوە بە تایبەتی ئەوانەی هەموو راستییەکان بەچاوی خۆ دەبینن و یان خۆیان بەشێکن لەو مێژووە، بۆ ئاشکرا نەبوونی پەڵەکانیان، ژیانێکی بێ دەنگ هەڵدەبژێرن و ئەگەر بۆشیان بلوێ ئارەزووی دەسەڵاتێك دەکەن، کە لە سایەیەوە، وەك ئەندریاس بگەن بە کۆشك و گۆمی مەلەوانی ئەگەر نەگەیشتن بە دەسەڵاتیش، کونجێکی جیهان هەڵدەبژێرن و دەیانەوێ ژیانی پیری خۆیان لەو گۆشەوە بەسەر ببەن و راستییەکان وەك خۆیان زیندە بەچاڵ بکەن.